# شاری خەونەکان یا شەوەی خەونەکان

ئەمجەد شاکەلی

شاری خەونەکان، پرۆژەی دروستکردنی خانوو و جێی نیشتەجێبوونێکە لە هەولێر و لە لایەن کۆمپانیای ئەششەرقولئەسەت(الشرق الاوسط)ەوە ئەنجام دەدرێت. شاری خەونەکان، پرۆژەیەکە خەڵک دەتوانێت هەر لە ئێستاوە، کە هێشتا جێبەجێ نەکراوە، خانوو و جێیکار و ئەوانەی تێدا بکڕێت و پێشەکی پارەکەی بدات. بێجگە لەوەش، وا باوە نرخی هەر خانوویەک لەو شارەدا 250000 دۆلارێکە. کەناڵی کوردستان تیڤی، پەیتاپەیتا ڕێکلام بۆ ئەو پرۆژەیە دەکات و لە هەموو ئەو ڕێکلامانەیشیدا ڕستەی"گرنگترین و پێشکەوتووترین پرۆژەی نیشتەجێبوونە لە عیراقدا، کە لە هەولێری پایەتەختی هەرێمی کوردستان..."سەدپات دەکاتەوە. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە، پرۆژەکە لە هەولێری پێتەختی ئەوڕۆی کوردستان ئەنجام دەدرێت، کەچی باسی عیراق دەکرێت و بە گرنگترین و پێشکەوتووترین پرۆژە لە عیراقدا دەدرێتە ناسین. لە ناوونیشانی پرۆژەکەیشدا هەموو جار، کە پێشان دەدرێت دەنووسرێت: ئوتێلی هەولێری نێودەوڵەتیی ناسراو بە شیراتۆن، بەڵام لە نێو ئیمایلەکەیاندا لە بری هەولێر نووسراوە ئەربیل، وەک بڵێی نەکرێ لەکن عەرەب و بیانی و ئەوانە هەولێر بە هەولێرە کوردییەکەیەوە نێو ببرێت. ئەوەی بۆ من جێی سەرنجە و سەیرە، بۆ دەبێ نێوی عیراق بێتە گۆڕێ و باسی عیراق بکرێت و بۆ ناگوترێ گرنگترین و پێشکەوتووترین پرۆژەی نیشتەجێبوونە لە کوردستاندا! بۆ هەمیشە و بێ هیچ بۆنە و هۆیەک، کوردستان وەک پاشکۆیەکی عیراق و بەشێک لە عیراق، نێو دەبرێت و نێوی لەگەڵ نێوی عیراقدا پێکەوە دێننە سەر زمان! بۆ دەبێ عیراق لە کوردستان بە گەورەتر و بەناوبانگتر بزانرێت و کوردستان لەو گچکەتر و نەناسراوتر پێشان بدرێت! ئەو کەناڵانەی تەلەڤزیۆن و میدیایانەی کوردستان، ئەگەر برێک پرسی کوردستانیبوونیان لەکن گرنگ بووایە، دەبوو لە نێوهێنانی عیراق، شەرمیان بە خۆ هاتبا و ئەو وشەیەیان بە دەگمەن لە زار هاتبایەتە دەر. ئەوجا دەبێ بشپرسین: کێن ئەوانەی دەتوانن خانوو لەوێ بکڕن! پارەیەکی لەو جۆرە تەنێ لەکن سەرمایەداران و دەوڵەمەندان و بەرپرسانی حیزبی و حوکوومەتیی کوردستان هەیە و تەنێ ئەوان دەتوانن خەونەخانووی لە شاری خەوناندا پێ بکڕن، دەنا هیچ هەژارێکی ئەو کوردستانە وەها کارێکی پێ ئەنجام نادرێت. لەبری دروستکردنی خەونەشار و هوتێلی 28 نهۆمی و گەورەبازاڕ و چی و چی، کە تەنیا بۆ خزمەتی بەرپرسان و خەڵکانی دەوڵەمەند و بە قازانجی ئەوانن، ئەگەر دەسەڵاتدارانی کوردستان، زۆرینەی خەڵکی کوردیان مەبەست بووایە، دەبوو ژێرخانی ئابووری وڵات چاک بکەن و دروست بکەن. دەبوو کشتوکاڵیان پێشخستبا و ئاروو و بیبەر و تەماتەیان لە وڵاتانی دیکەوە نەهاوردبا و کوردستان بۆ خۆی ئەوانەی هەناردبایەتە دەرێ! دەبوو ئەلەکتریک و ئاوی خاوێنی خواردنەوەیان بۆ خەڵک دابین کردبا، نەک خەڵکیان لە سەر داخوازی ئەو پێویستییانە وەبەر تەقە دابا! دەبوو خانوو و جێژیانیان بۆ ئاوارەکانی کەرکووک چێ کردبا و لە سەرما و گەرما بیانپاراستبایەن و لە نەخۆشی و دەرد و بێخوێندنگەیی منداڵ و بێنەخۆشخانەیی و بێ هەموو شتێک ڕزگاریان کردبان، نەک نێوی خائینیان لێ نابان! دەبوو و سەدان دەبووی تر. دەسەڵاتدارانێک بۆ خۆیان نوێنەری چینێکی بۆرژوازی و سەرمایەدار و خودان پارە بن، چۆن دەکرێ بیر لەو جۆرە شتانە بکەنەوە، کە

ئاوارەیەکی بێ خانوو و بێ سەرەتاییترین ئامرازەکانی ژیانی کەرکووک یا ئەڵتاش، کە بێ ئەلەکتریک و بێ ئاوێکی کەلار، کە برسی و دەردەدارێکی هەمووکەس ئەنفالکراوی گەرمیان بیری لێ دەکاتەوە! ئەگەر ئەوان وایان بیر کردباوە، ئێستا و دوای سێزدە ساڵی ئازادی بەشێکی کوردستان، ڕۆژانە دەیان بەرپرس و دەسەڵاتداری دز و قۆڵبڕ و ساختەکار، هەر لە سەری سەرەوەی دەسەڵات تا خوارێی دەسەڵات، دەدرانە دادگە و لە کار وەدەردەنران و زیندانی دەکران و وڵاتیان لێ خاوێن دەکرایەوە، لێ کاتێک دەسەڵات وەک دەسگایەک، بۆ خۆی دز و قۆڵبڕ ساختەکار بێت، چاوەڕوانی لەوە باشتری لێ ناکرێت. ئەوڕۆ باشووری کوردستان، وەک کۆشکێکی پڕ لە هەموو خێری خودایەکی بەرەڵاکراوی ماڵە دەوڵەمەندێکی لێ هاتووە، کە خودان ماڵ جێیهێشتبێت و ڕێگە بە خەڵکێک درابێت تێیکەون و بە هەوەسی خۆیان چییان دەوێت بیبەن. ئەوڕۆ باشووری کوردستان، وەک کوردستانی سەردەمی بەعس و سەردەمی ئەنفالی لێ هاتووە و هەموو بەرپرسان و دەسەڵاتدارن ئەنفالی دەکەن و لێی دەخۆن. ئەوڕۆ باشووری کوردستان، وەک کەرکووک و بازێڕەکانی دیکەی دوای ڕووخانی بەعسی لێ هاتووە، دەسەڵاتداران تەنێ هەڵپەی خڕکردنەوە و ئاوەودیوکردنی پارە و سامان دەکەن. ئەوڕۆ باشووری کوردستان وەک ئاژەڵێکی کوژراو و بریندار و لاکێکی لێ هاتووە و دەسەڵاتدارانی، داڵ و کەمتیارئاسا و ئاژەڵی دڕندەی دیکەئاسا، هەریەکەو دەیەوێت قەپاڵی خۆی لێ بگرێت و پشکی خۆی لێ بکاتەوە. ئەو خەڵکانەی ئەوڕۆ لە کوردستان ئەو کارە دەکەن و ڕێگەیان بە خۆیان داوە، خەڵکە دەسەڵاتدارەکە و خەڵکانی سەر بە دەسەڵاتن. ئەوانن بە هەوەسی خۆیان دەدزن و سەرمایە خڕ دەکەنەوە و هەر ئەوانیشن شاری خەون و هوتێلی خەون و مۆبایلی خەون و کۆشکی خەون و هەزارویەک شتە خەونی دیکە بۆ خۆیان و خەڵکانی سەر بە خۆیان چێ دەکەن.

2005/10/12